# هەواری خەم

## ئەحمەد دەشتی



دەتۆ وەرە ئەی ئاواتی ساڵهای من
بەسە چیتر جێم مەهێڵە
هەتا منیش وەک مرۆڤێ
ڕۆژگارانی پڕ لە شادی و خۆشەویستی
ئەوینی خۆم بە سەربەرزی وەدی بکەم
ساڵهای ساڵە چاوەڕوانم
ڕۆژگارانی بەختەوەریم وەدی بێن و
بۆ هەتایە لەماڵی خۆم بحەسێمەوە
چلودوو ساڵ لەمەوبەرببووکەمن هاتم
بەرەو لوتکەی بەرزی چیاو هەمووژیانم
لە بن زناروغوربەتیدڵبە سەربردو
لە ڕێی هاتنی  تۆیا ژیام
زۆر دەمێکەچاو دەبڕمە ئەو ساتانەی
کە خۆرەتاو لەو سەرانە هەڵبێنەوەو
ئاسۆی تارم ڕوناک بکا ت و
چی تارمایی دەورو بەرە
بۆ هەتایە بیبڕینەوە و ژین بێتەوە
لە ژێر سایەی ڕۆژی ڕوونم
منیش ساتێ بە ژیان بگەم
لە ناو ماڵ و هەواری خۆم
بە سەربەستی کڕنوش لە بۆ دارو بەردو
کوردستانی خۆما ببەم
ئاڵای جوانی نیشتمانم بۆ هەتایە بشەکێنمەوە
منیش خاوەن وەڵاتێکی سەربەخۆبم
وەکو هەموو خەڵکێ لە جیهان
کوردستانی خۆم پیش بخەم و
چیتر لە ژێر چنگی داگیرکەری
پەست و چەپەل ئەمن نەژیم
دەتۆ وەرە ئازیزی من
ئەی ئارەزووی پڕ لە هەستی دەروونی من

پایزی 2005